# سێمینارێک بۆ د. رێبوار فەتاح: قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا

*"گایەک دراوە بە گوێزێک." – پەندێکی کوردی*

ژووری پاڵتۆکی ئێرە دەنگی کوردستانە کۆڕێک بۆ دکتۆر رێبوار فەتاح، دارێکتەری کوردیش میدیا، دەربارەی بەڵگەنامەی "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" ساز دەکا.

14 مارتی 2004

20.00 بە کاتی نێوەندی ئەورووپا

کۆڕەکە چەندین بابەتی پەیوەست بە بەڵگەنامەکەوە دەهەژێنی، کە ئەمانە هەندێکیانن:

- ئایا بەڵگەنامەکە دەستبەرداری کوردستانێتی کەرکووک، خانەقین، موسڵ، دیالە و ناوچەکانی کوت بووە؟
- ئایا بەڵگەنامەکە کوردستانێتی لە کەرکوک داماڵیوە؟
- ئایا بەڵگەنامەکە مافی ریفڕاندەم لە خەڵکی کەرکوک دەسەنێتەوە تا کەرکوک نەبێتەوە بە کوردستان؟
- ئایا مافی ڤیتۆ، بەو جۆرەی لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، جەڵەوێک نیە بە دەست عەرەبەوە بۆ هێشتنەوەی کەرکوک لە دەرەوەی کوردستان؟
- گەر بەدنیەتی لە پشتەوە نیە، بۆچی کەرکوک بە قانوونی تایبەتی لە کاریگەرێتی کورد پارێزراوە؟ خۆ گەر ئامانج تەنیا نەهێشتنی ئاسەواری بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگویزانە دەکرا سنووری کوردستان لە بەڵگەنامەکەدا دیاری بکرایە. دواتر، ئاسەواری بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان بسڕدرایەتەوە.
- بۆچی عەرەب بتوانێ جڵەوی کێشە چارەنووسسازەکانی کوردی بەدەستبێ؟
- بۆچی زمانی عەرەبی لە کوردستاندا رەسمیە، کەچی زمانی کوردی لە عێراقی عەرەبدا رەسمی نیە؟
- بەڵگەنامەکە ئیسلام بە ئایینی رەسمی دەوڵەت دادەنێ. ئایا کام باوەڕ یان سێکتی ئیسلام ئایینی دەوڵەتە؟ ئایا ئەمە چەوساندنەوەی کەسانی نائیسلام بە قانوون ناکا؟ ئایا ئەمە بۆ زاڵبوونی عەرەب لە حوکمدا نەسەپاوە؟ بە گوێرەی ئیسلام، زمانی عەرەبی و گەلی عەرەب باڵادەستن.
- بەڵگەنامەکە ئیسلام بە سەرچاوەیەکی قانوونکردن دەژمێرێ. ئایا ئەم کۆنسێپتە لاستیکیە رێخۆش ناکا بۆ چەوساندنەوەی کورد، ئیتنیکیەکانی تر و ئافرەت. ئایا ئیسلام چۆن دەبێ بە سەرچاوەی قانوون؟ رژێمی سەدام بە سوورەتی ئەنفال هەوڵی جەنەساید کوردی دا. چۆن کورد دڵنیابن کە هەوڵی لەمجورە نادرێتەوە؟
- بەڵگەنامەکە عەرەبی عێراق بە بەشێکی دانەبڕاو لە نەتەوەی عەرەب دادەنێ. هەرچی کوردە بۆی نیە بەشێک بێ لە گەلی کوردستانی دابەشکراو. ئایا بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، کورد دەستبەرداری کوردستانێتی کوردی باشوور نەبووە؟ ئایا بەمە کوردی باشوور ناسنامەی کوردستانێتی لەخۆی دادەماڵێ؟ ئایا کوردی باشوور دابەشکردنی کوردستانی بە قانوون نەکردووە.
- بەڵگەنامەکە ناوچەکانی دەری حکومەتی کوردستان، وەک خۆیان دەهێڵێتەوە. ئایا ئەمە دابەشکردنی باشووری کوردستانی بەقانوون نەکردووە؟ ئایا بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، کوردی باشوور کوردستانی دابەشکراوی دابەش نەکردووەتەوە؟
- ئایا بوونی دوو حکومەتی کوردستان رۆڵی چی بووە لە یەکنەخستنەوەی هەموو کوردستان بۆ ژێر ئێدارەکەی؟
- بەڵگەنامەکە دەنووسێ، "هەموو هاوڵاتیەکی عێراقی مافی تەواوی بەبێ مەرج هەیە، لە سەرتاسەری عێراقدا مولکدار بێ بەبێ کۆسپ." ئایا ئەم بەندە بەعەرەبکردن دەکا بە قانوون؟

- نوێنەرایەتی کورد لە حکومەتی بەغداد کەڵکی چیە، کە لایەنی عەرەبی، بە تەنیا، مافی ئەوەیَ هەبیَ کە هەموو بڕیارێک بدا؟ ئایا کورد خۆی نەخستووەتە بەر رەحمەتی عەرەب؟
- ئایا ئەم بەڵگەنامەیە بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان نەشاردۆتەوە؟ بۆچی بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان لە بەڵگەنامەکەدا نەکراوە بە قانوون؟ ئایا کورد دەبیَ هەروا بە ساکاری، هەروەک هیچیش لە نێوان کورد و عەرەبدا روونەدابیَ، دەستبەرداری بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان ببیَ؟
- بۆچی کێشە و چارەنووسی فەیلیەکان باس نەکراون؟ ئایا فەیلیەکان و کەسوکاریان نابیَ قەرەبوو بکرێن؟ ئایا کێشەی جەنەسایدی فەیلیەکان نەدەبوو بکریَ بە قانوون؟
- بۆچی کێشە و چارەنووسی ئەنفالکراوەکان باس نەکراون؟ ئایا کەسوکاری ئەنفالکراوەکان نابی قەرەبوو بکرێن؟ ئایا کێشەی جەنەسایدی کورد نەدەبوو بکریَ بە قانوون؟
- بۆچی کێشە و چارەنووسی قوربانیەکانی هەڵەبجە، باس نەکراون؟ ئایا کەسوکاری قوربانیەکانی هەڵەبجە نابی قەرەبوو بکرێن؟ ئایا ژەهراویکردنی هەڵەبجە و دانیشتوانی نەدەبوو بکریَ بە قانوون؟
- بۆچی کێشە و چارەنووسی هەشتهەزار بەرزایەکە باس نەکراون؟ ئایا بەرزایەکان نابی قەرەبوو بکرێن؟ بۆچی جەنەسایدی بەرزانیەکان نەکراوە بە قانوون؟ ئایا بۆچی باس لە گەڕانەوەی تەرمیَ بەرزانیەکان نەکراوە، سەرباری ئەوەی کە جێی تەرمی زۆریان لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەعسی عەرەبیدا دیاریکراون؟
- بۆچی شێوازی حوکم لە بەغدادا گفتووگۆ نەکراوە؟ ئایا نابیَ کورد داوای بەشداریکردنی 1.5 کوردی بەغداد بکا لە حکومی شاری بەغداددا؟ ئایا جۆرێک لە فیدراڵی ستان نابیَ لە بەغدادا پیادەبکریَ بۆ پاراستانی مافی کوردی بەغداد؟
- ئایا مافەکانی پەڕلەمانی کوردستان چین؟ ئایا مافەکان بە ئاشکرا دیاری کراون؟ هەموو ئەومافانەی کە لە پەرەگرفەکانی بڕگەی 25 و 44 – د دیاریکراون و تا ئێستا پیادەکراون، لە پەڕلەمانی کوردستان داماڵراون. دەستەڵاتی کورد لە قاڵبدراوە.
- کیَ سامانی نەتەوایەتی کوردستانی بەدەستە – عەرەب یان کورد؟ کیَ دەرامەتی نەوتی کەرکوکی بەدەستە – عەرەب یان کورد؟ دەرامەتی کوردستان لە کوێدا خەرج دەکریَ – لە کورد و کوردساندا یان لە عەرەب و خاکی عەرەبدا؟
- کیَ لەشکری عێراقی لە ژێر دەستدایە – عەرەب یان کورد؟ ئایا دەستگا داپڵۆسێنەرەکانی حکومەتی عەرەبی بەغداد دەگەڕێنەوە کوردستان؟
- ئایا پڕۆسەی بڕیاردان لەسەر بەڵگەنامەکە دیمکراتیانەیە؟ ئایا گەلی کوردستان پرسی پێکراوە لە بڕیاردان لە بەڵگەنامەیەکی چارەنووسسازی لەمجورەدا؟ کیَ ئەو مافەی هەیە کە بە ناوی گەلی کوردستانەوە بەڵگەنامەیەکی چارەنووسسازی لەمجورە بڕیار بدا؟
- ئایا کورد و عەرەب مافیان یەکسانە لەو بەڵگەنامەیەدا؟ ئایا شیعەیەکی عەرەب و یەزیدیەکی کورد مافیان یەکسانە لەو بەڵگەنامەیەدا؟
- ئایا بەڵگەنامەکە گیراوەیەکە بۆ دابینکردنی پاشەرۆژێکی رەش بۆ کورد و عەرەب؟

کورد نابی چیدی گەلێکی پاسیڤ بیَ؛ دەبیَ خۆی بڕیاردەر بیَ. داهاتووی نەوەکانی سبەی لە ئەستۆی نەوەی ئێستادایە. نابیَ بێدنگ بن.

بۆ گفتوگۆی ئەم پرسیارانە و دەیانی تر، بەخێربێن بۆ کۆڕەکە.

پەیوەندیەکانی رێبوار فەتاح:

07761728041

rebwar@ikurd.com